**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٢

بەرگی بیست و دوو ــ ١٩٩٩

چاپی یەکەم ١٩٩٩

# پێڕست:

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٥ ........ ل٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٨ ........ ل١٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٩ ........ ل٤٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢ ........ ل٦٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣٠ ........ ل١٢٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣١ ........ ل١٧١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) دوو شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/١ ........ ل٢١١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢ ........ ل٢٧١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣ ........ ل٣٧٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/١١ ........ ل٤٦٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/١٣ ........ ل٤٧٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤ ........ ل٥٢٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧ ........ ل٥٣٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩ ........ ل٥٣٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دوو شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٠ ........ ل٦٨٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١ ........ ل٧١٣

خامساً: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.
سادساً: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.
سابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوەش تەواو ئەدرێت بە لیژنە پەیوەندیدارەکان.
خاڵی (١٤) یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای کارگێڕی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**
بسم الله الرحمن الرحيم
بإسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

«قرار»

إستناداً لاحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القانون الاتي:
قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٩

**قانون التديل الثالث لقانون إدارة البلديات لإقليم كوردستان العراق**
**رقم «٦» لسنة ١٩٩٣**

**المادة الاولى:**
تضاف الفقرة التالية الى المادة الاولى من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٨ قانون التعديل الثاني لقانون إدارة البلديات لإقليم كوردستان العراق رقم «٦» لسنة ١٩٩٣ وتصبح الفقرة الرابعة لها.
الفقرة المضافة «٤»
لاتشمل أحكام هذا القانون الأراضي المسجلة بأسماء مالكيها في دوائر التسجيل العقاري.

**المادة الثانية:**
على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

خاڵی (١٤) خوێندنەوەی یەكەمی تەواو بوو ئەدرێت بە لیژنە پەیوەندیدارەكان.

خاڵی (١٥) خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سەندیكای خودان پیشە ئەندازەییەكانی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

مشروع قانون نقابة ذوي المهن الهندسية لكوردستان العراق

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني الكوردستاني العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) و بناءً على ما عرضه العدد القانوني من السادة أعضاء البرلمان قرر مجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩ إصدار القانون الآتي:

قانون رقم ( )لسنة ١٩٩٩

قانون نقابة ذوي المهن الهندسية لكوردستان العراق

**المادة الاولى:**

يقصد بالتعابير التالية لأغراض هذا القانون المعاني المبنية إزاءها:

١ـ الوزير ـ وزير الصناعة والطاقة.

٢ـ النقابة ـ نقابة ذوي المهن الهندسية لكوردستان العراق.

٣ـ المجلس ـ مجلس النقابة.

٤ـ النظام ـ النظام الداخلي المعد من قبل المجلس و المقترن بمصادقة الوزير.

٥ـ العضو ـ كل منتم الى النقابة بموجب هذا القانون.

٦ـ مزاولة المهنة ـ ممارسة المهن المقررة في النظام الداخلي.

**المادة الثانية:**

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة تسمى (نقابة ذوي المهن الهندسية لكوردستان العراق) مركزها

(بدلات الانتماء و الاشتراك السنوي )ئەوە بکریتە برگەی یەکەم ، کێ لەگەڵە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، وکو مادە (١٧) دەی خەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟ کێ لەگەڵ نیە ؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشرة:

للمجلس إقتراح تعديل جدول الرسوم المقررة في هذا القانون على أن تصرف من قبل الهيئة العامة.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە هیچ سەندیکای تردا نەهاتووە پێشنیار ی لیژنەی یاسا ئەوەیە ئەو ماددەیە نەمێنێت

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن: پێشنیارێک هەیە ئەو ماددەیە نەمێنێت کەس تێبینی هەیە ؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا ،سوپاس.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشرة

لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نیە، دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشرة

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نیە، دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند. وەکو یاسا دەیخەینەدەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بە تێکرای دەنک پەسەند کرا، سوپاس. بۆ اسباب موجەبە تکام وایەشێوازێکی تری بۆ بنوسن ئەوە چوار یاسایە هەمان صیغەمان بۆ دەنووسن ، ئەو خاڵەمان تەواو کرد دێینە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی کارمان ئەویش هەموار کردنی (خستنە روو و گفتوگۆ لەسەر سێیەم هەموار کردنی یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ساڵی ١٩٩٣...

دوایی دەیخەینە روو بۆ ئەوەی جەنابی وەزیریش ئامادە بێت، باشتر وایە لە پێشەکی شتێک

دەربارەی ئەو پڕۆژەیە بووتریێت جەنابی سکرتێر روونکردنەوەیەکی هەیە، دوایی لیژنەی یاساش روونکردنەوەی هەیە بۆئەوەی هەمووتان بکەونە صورەتەکەوە نەوەک هیچ (تشویشێک) بکەویتە سەر بابەتەکە،کاک فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فـــــەرســـــەت ئەحـــــمـــــەد عـــــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەسڵی بابەتەکە لە مادده (٥٥)دا هاتووە بەو شێوەیە بوو بڕگە (١) (تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام موجودة عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية). هەتا ئێرە لە یاسای شارەوانییەکانی عیراقی ساڵی (١٩٦٤) وەرگیراوە، لە (قانون إدارة بلديات لاقليم كوردستان العراق) زیادەیەکی تریان لەسەر کردووە زیادەکەش ئەوەبوو (أو التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها وجميع اراضي وزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها والاراضي التي لا تثبت ملكيتها لأحد وعلى دوائر التسجيل العقاري تسجيل هذه الاملاك في سجلاتها بإسم البلدية مباشرةً دون رسوم). پاش ئەوە وەزارەتی شارەوانی داوای کرد ئەو ماددەیە هەموار بکرێت، هەموارکردنەکەش بەم شێوەیە بوو داوایان کرد سێ دێری دوایی لاببرێت. ئەویش ئەوەبوون (التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها وجميع اراضي وزارة المالية أو التي تدخل ضمن حدودها والأراضي التي لا تثبت ملكيتها لأحد). مانای وایە لە قۆناخی دووەم دەقەکە بەو شێوەیە پەسەند کرا: (تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية).

پەرلەمانی کوردستان و ئەندامە بەڕێزەکان بەرای من تێگەیشتنیان بۆ پەسەند کردنی ئەو دەقە، بەو مەفهومە چوونەتە ناو بابەتەکەوە ئەویش (أراضي متروكة) مفهومەکەی وەکو ئەو مەفهومە بێت لە مادده (٨)ی یاسای تۆماری عەقاری ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ هاتووە (الاراضي المتروكة هي العقارات العائدة للدولة والمخصصة لأغراض المنفعة العامة أو لمنفعة اهالي قرية أو قصبة معينة) و هەمان زاراوە لە یاسای ژمارە (٥٣)دا هاتووە ساڵی ١٩٧٦ (قانون توحيد اصناف اراضي الدولة). لە مادده (١) هەمان زاراوەی (الاراضي متروكة) هاتووە پاش دەرچوونی یاساکەو پەسند کردنی هەموارکردنەکە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بۆچوونەکی تریان هەبوو زۆر زۆر جیاواز بوو لە چەمک و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان و یاسای ئیدارەی شارەوانییەکانی عێراق ژمارە (١٦٥) ساڵی ١٩٦٤ ئەو یاسایەی ئیدارەی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان لەو دەقە وەرگیراوە، ئەوان وایان شی کردەوە کە موڵکەکانی هاووڵاتیانیش بگرێتەوە بە مەفهومێکی تر بواریان بە شارەوانییەکانی هەرێمدا دەست بەسەر موڵکی خەڵکی دابگرن بەبێ قەرەبوو ئەگەر هاتوو پارچەیەک لە موڵکەکان کەوتە بەر شەقام یان شارەوانی تەجاوزی لەسەر کرد، بەراستی ئەو مەفهومە بەرای هەموو ئەندامانی پەرلەمان و بەتایبەتی رای ئەندامانی لیژنەی

یاسا دەقەکە یەکەمجار پێچەوانەی بنەماکانی دەستوورە، من مەبەستم مەفهومەکەیە بەرای من دەقەکە کەموکوڕی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر لێکدانەوەکە (تفسیر) بەو شێوەیە بڕوات پشت ببەستن بــە زارەوەی (الاراضي المتروکـة) چۆن لە یاسای تۆمـاری خانوونەبەرە هاتووە چۆن لە یاسـای ئیـدارەی بلدیاتی عـێـراق هاتووە لە سـاڵی ١٩٦٤ کـە ئەو یاسـایە سـەرچاوەی یاسـادانانی (تشریع)ی ئێـمـەیە سەبارەت بە یاسای ئیدارەی شارەوانییـەکـانی هەرێمی کوردسـتـان هیچ کەمتەرخەمی و هەڵەی تێدا نییە، چونکە مفهومەکەی (الاراضي المتروکة) دیاری کراوەو دیارە، بەڵام لێکدانەوەی ئەوان بۆ ئەو دەقە بەرای من ئیـجتـهـادەکـە لە جێگای خۆیدا نەبووە من وەکو یاساناسـەک برادەرانی لیـژنەی یاسـا لەگـەڵ ئەو ئیـتـجـاهە نەبووینە هۆیەکـەشی ئەوەبوو چونکە پێچەوانەی بنەماکانی دادوەرییە بوار بە شارەوانی دەدات نەک تەنیا تەجاوز لەسەر زەوی خەڵک بکات بەڵکو دەست بەسەر زەوی هاووڵاتیان دابگرن بەبێ قەرەبوو ئەو بنەمایەش بەرای من لەگەڵ بنەمـاکـان و فەلسـفەی حوکمی نیـزامی ئێـمـەی سیاسی و لەگەڵ بنەماکـان و بیـروراو بۆچوونی بنەماکانی پارتی دیموکراتی کوردستان داناگونجێت، چونکە دژی بنەمـاکانی دادوەرییەو دژی مافی مرۆڤە و دژی بنەمـاکـانی پێشکەوتن و سیـسـتـەمەکـانی سیـاسی پێشکەوتوونە. ئێـمـە ناتوانین لێکدانەوەی خۆمـان و بۆچوونی خۆمـان و ئیـجتـهـادی خۆمـان بسەپێنین، بەسەر دادگـاکـان چونکە ئەوان سەربەخۆن لەبەرئەوە هیچ بوارمان نەماوە تەنیـا ئەوە نەبێت هەموارکردنەک بخەینە سەر دوا هەمـوارکـردن مـەبەسـتـیش لەم هەمـوارکردنە ئەوەیە روونـکردنەوەی مـەفـهـومی دەقـەکـەی پێ بکرێت بوار نەدەین ئیجتهادەکی جگە لەو بۆچوونە بۆ ئەو دەقە بکرێت لەبەرئەوە دوای دانیشتنمان لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی گـەیشـتـینە دارشـتنەک ئەگـەر بێتـو ئەندامە بەرێزەکـان پەسندی بکەن مـاددەی ئەسڵی بەو شێوەیە هاتووە: (أـ تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية).

ئێـمـە بۆچوونمان ئەوەیە ئەو زیادەیەی لەسەر بکەین (مالم تكن مساحة الارض التي استحدث عليها الشارع مسجلة في سجلات التسجيل العقاري بإسم شخص طبيعي) مـەبەسـتـیش لە (شخص طبیعی) مرۆڤە، چونکە ئێمە (اشخاص معنوی)یشـمـان هەیە، هیچ لاریی نییە ئەگەر موڵکی فەرمانگەیەک تۆمار بکرێت بەناوی وەزارەتی شارەوانی یان شارەوانییـەکی دیاری کراو (معین)، چونکە زیان بە هیچ هاووڵاتییـەک ناگەیەنێت و، زیان بە حکومەتیش ناکەوێت تەنیا موڵکی وەزارەتێک بوو بۆ موڵکی وەزارەتی شارەوانی. (ب)یش زیاد دەکرێت، چونکە زۆر بڕیار لە دادگاکانی هەرێم دەرچووینە وفق ئەو مەفهومەی کە ئێمە لەگەڵی نین و پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی دادوەری ئەو بڕیارانە هەڵوەشێندرێنەوە هەرچەندە پێمان ناخۆشە ئێمە ئیلغای بڕیارەکانی دادگاکان بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی دادوەری بهێنینە دی ناچارین ئێمە ئەو پێشنیارە بکەین (إلغاء كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٣/٣/٣١). ئـەم بـەراوردەش دوا

هەمـوارکـردنە و پاش ئەو هەمـوارکـردنە بڕیاری تازە دەرچوون بە مـەفـهـومـەکی وا کـە بوار درا شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان دەست بەسەر زۆر لە موڵکی هاووڵاتیاندا بگرن.
(تلغی کافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد (١٩٩٣/٣/٣١) خلافا لما ورد في الفقرة (أ) أعلاه). ئەو رایەش وابزانم لیژنەی یاساش کۆکە لەسەری بەس وابزانم بەسەر ئەندامان دابەش نەکراوە، چونکە پڕۆژە نەبوو، رێککەوتووین بە شێوەی پێشنیار لە پەرلەمان بخرێتە روو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر بۆ ئەو روونکردنەوەیە. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی پشتگیری پێشنیارو بۆچوونی جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەکات، ئێمە لیژنەی یاسا هەمووومان چەند جار لەگەڵ جەنابی سکرتێر دانیشتووین بۆ ئەوەی دارشتنەکی گونجاو بۆ ئەم هەموارکردنەی کۆتایی بدۆزینەوە لەوە زیاترمان نییەو ئێمە پشتگیری دەکەین.
بۆ زیادکردنیش کاتی خۆی جەنابی سکرتێر هامشەکی بۆ جەنابی سەرۆک نووسی تەئیدمان نەکردووە و لیژنەی یاساش راپۆرتێکی دورو درێژی نووسیوە تەئیدمان نەکردووە داوای سێ بەڕێوەبەری وەزارەتی شارەوانیمان کردو هێنامانە لیژنەی یاسا و گفتوگۆشمان لەگەڵیاندا کرد دانیشیان پیا نا کە ئەم هەموارکردنە هەڵەیەو ئەمە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر موڵکی ئەهالی، ئێمە داوامان کرد ئێوە پڕۆژەیەک بۆ ئێمە پێشکەش بکەن بەڵام بەداخەوە تا ئێستا پێشکەشیان نەکردووە ناچار ئێمە مانگێکە خەریکین رێگایەک بدۆزینەوە لەم گرفتە دەربچین چونکە هاووڵاتیان (مغدورن) (لا تنتزع ملك الاشخاص المعنويين الا ببدل) لە قانون نزع ملكيه غير قانون استملاكمان نییە لێرە لیژنەی یاسا رای خۆی دەکێشێتەوە کە پڕۆژەکە دابەش کراوە (تلغي التعديل الثاني) و پشتگیری بۆچوونی جەنابی سکرتێر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە ئاماژەی بە موتالەعەی دا ئەوەی پێشتر دوور نییە پێش ساڵەک پێشکەشمان کردبوو روونی نەکردەوە موتالەعەکە ناوەڕۆکی چی بوو، ناوەڕۆکەکەش هەر بەو مەفهومە بوو و ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوون و تەفسیرە نین داوامان کرد هەمواری ئەو دەقە بکرێت تاکو دەرگای ئیجتهاد دابخرێت و ئیجتهادەکی پێچەوانەی دەقەکە نەکرێت و بوار نەدرێت دەست بەسەر موڵکی هاووڵاتیان دابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت. کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە کە یاسایەک دادەنرێ زۆر ئاسانە بەو پێ یە تەعبیر لەوە بکات کە ئەوەی دەیەوێت هەندێ جار (عیبرەت) بە مەبەستی موشەریعە وەکو هەموو برادەران ئاماژەیان پێ کرد لە بنەڕەتدا ئەو پرۆژەیە لە وەزارەتی شارەوانی یەوە هاتووە، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی لێپسراوی وەزارەتی شارەوانیم بانگ کردە ئێرە گفتوگۆیەکی دوورودرێژمان لێ کرد ئەو کاتە ئەوە رای ئەوان بوو، دادگاکانی (تەمییز) لە ژێر پەردەی پارێزگاریکردنی قەزاو ئیستغلالی ئەوەی کە دەسەڵاتی دادگا سەربەخۆیە مەفروز نییە پەرلەمانی کوردستان کە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە و ئەو خەڵکە دەنگی پێداوە ئەوان موبارەزی بکەن ئەوەش جاری یەکەم نییە من بڕوام وایە زۆر گرفتی تر کە مافی میللەتیش دەدات و ئەنجامی سوور بوونی ئەوان بوو لەسەر هەڵوێست، بڕوام وابوو کە ئەمە تەسەورێکی هەڵەیە کەس نادۆزرێتەوە لە دادگای تەمییز جێگەی ئەو برادەرانە بگرێتەوە، لە راستیشدا ئەمە تەسەورێکی زۆر هەڵە بوو من پێم خۆش بوو بابەتەکە بەشێوەیەکی تر بڕۆیشتبایە سەرۆکی دادگای تەمییز یان جێگرەکەی بهاتبایە گفتوگۆی لەگەڵ بکرابایە کە لەسەر چ بنەمایەک ئەو لێکدانەوەیان کردووە، چونکە وەکو گوتم عیبرەت بە مەبەستی موشەریعە. موشەریع مەبەستەکەشی روونە.

خاڵی دووەم کە دەمەوێت باسی بکەم کاک فەرسەت هەندێ شتی خوێندەوە برادەرانی لەوانەیە زۆریان نەزانن بابەتەکە چۆنە، جارێ ئەو زەوییانەی لەناو سنووری شارەوانییە و بە یاسای ژمارە (٨٠) هەمووی بە موڵک کراوە بۆ شارەوانی، ئەوە شتێکی روونە و برادەرانی یاسایی ئەمە دەزانن، دەربارەی بابەتی شەقام شارەوانی ناچێت عەرەسەیەک بە جارێک (عزل) بکات و بابەتەکەش زۆر روونە کە مەبەست لە شەقام چییە؟ و قەرەبوو چۆن دەدرێ زیاتر لەوە من ماددەکەم لە پێش چاو نییە، بەڵام عیجزی ماددەکە کە خۆی ئاماژەی پێ کراوە دەڵێ:(حسب القوانین المرعیة) و بگەڕێینەوە بۆ (القوانین المرعیة) چی گوتووە ئەوە لەسەر دەقەکە جێبەجێ دەبێت. بەڵام ئێمە بێین بە دەقێک موجامەلەی دادگای تەمییز بکەین من ئەوە رای کەسی خۆمە پێم شتێکی زۆر سەیرە، دووبارە دووپاتی دەکەمەوە ئێرە گەورەترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لەم وڵاتەدا و جاری یەکەمیش نییە زۆرجاری تریش ئەوان (مجابهەیان) کردووە ئێمە بێ دەنگ بووین بۆ هەمان هۆ من لەگەڵ ئەوە نیم مافی خەڵکی بفەوتێت من خۆم هیچ زەویم نییە من حەز ناکەم غەدر لەکەس بکرێت، بەڵام دەبێت شتەکە لەسەر بنەمایەک بێت نەک لەبەرئەوەی فلان کەس ئارەزووی وایەو روونکردنەوەی وایە بچین یاساکە هەموار بکەین زۆر ئاسانە ئێمە دەق دابنێین تەعبیر لە رای خۆمان بکەین بەڵام تا چ رادەیەک لەگەڵ واقیع گونجاوە من دەبێت ئەوە

بیری برادەران بخەمەوە ئەو میللەتەی دەنگی بە ئێمە داوە تەشریع کردن بەرپرسیەتێکی زۆر گەورەیە زۆر ئاسان نییە (واو)ێک یان (میم)ێک لابرێ بچی خەڵکێک تووشی گرفت بکەیت، ئەگەر ماوە هەبێت من مەسەلێکی ئینگلیزی دەهێنمەوە کابرایەک جارێک بۆ یەکێک دەنووسی دەڵێت: (Keald him not, let him to go) کابرای تر فارزەکەی بردە دوواوە کابراکەی کوشت واتە بەم شێوەیە (Keald him, not let him to go) شوێنی فارزەکە گۆڕا مرۆڤێک کوژرا، لەبەرئەوە من حەز دەکەم زۆر لەوە ورد بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە قسەی برادەران (سوء تفسیرێک) هەیە لەو هەمووارکردنەی کە کاتی خۆی کراوە، لە دادگای تەمییز، یان دادگاکانی ئێمە ئەمە دیاردەیەکی کەم نییە وەکو کاک شێخ عەدنان دەڵێت کە هەندێ شت دەکەن و دەبێت لەژێر ئەو پەردەیەی کە دادگا سەربەخۆیە (القضاء مستقلە). دادوەری بەپێی یاسا ئەو ئیجرائەی پێویستە دەربارەی ئەو بیکات، چونکە ئەگەر لە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری بپرسیبایە بە تەمییزیەوە بەو دادوەرە خۆیەوە (٣١)ی ئاب لە هەولێر چی بوو ئینجا دێت بۆ رواندنی مامەڵەیەکی تەزویر جورئەتی نییە بڕیارێک بدات لە ئێمە دەپرسێ لە پەرلەمان یاخود لە حکومەت لە کوێ دەپرسێ دەڵێت (٣١)ی ئاب رۆژی پشوو بووە یان پشوو نەبووە جێگەی داخە ئەنجوومەنی دادوەری ئێمە لەم وڵاتە دوای چەند جار دووپاتکردنەوەکانی سەرۆک بارزانی هەڵسوکەوتی وا دەکەن، کە جێگای سەرسووڕمانە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادگا لە کاتی داگیرکردنی هەولێر لەلایەن (ینک)ەوە شان بەشانی (کۆسرەت رەسوڵ) کە دەست کێشانەوەی لە پۆستەکەی قەبوول کرا بوو لەلایەن پەرلەمانەوە تەنها بۆ کاری ئیداری نەبێت سەرەرای ئەویش فراکسیۆنی پارتی لە نێو حکومەت کشایەوە ئەمیش بەپێی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ خۆی لە خۆیدا حکومەت لە کاردەخات کەچی کاک (رشید عبدالقادر) شان بەشانی کۆسرەت راوەستا شوێنی یاسایی بەچەند حاکمێک دا بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی یاسایی هەبێت.

هیوادارم پەرلەمانی کوردستان کێشەی قەزا باس بکات مافی ئێوەیە ئەندامی پەرلەمانن نوێنەری خەڵکی کوردستانن ئەم مەسەلەیە دەبێت باس بکرێت، هەتا ئێستا زۆربەی زۆری (مورافەعاتی) ئێمە بە عەرەبییە. چەند جار تەئکید کراوەتەوە هەتا ئێستا عەریزە نووسین بە عارەبییە، هەندێ بڕیاریش یاخوا وا نەبێ، یاخوا من ئیشتباهم کردبێ، مرۆڤێک کە ئیشتباه بکات جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دەزگایەک ئیشتباە بکات ئێستاش دەقەکان بە عەرەبینە، لە کاتێکدا ئەوە (٨) ساڵە بڕیارمان داوە کە زمانی رەسمی ئێمە کوردی بێت، یاساکان بە دەقی کوردی بۆیان دەڕوات، جا من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بە زووترین کات کێشەی دادگا بخرێتەروو قەزا عومدەی ئەم کیانەیە، ئەم کیانە کیانێکی دیموکراتییە، فەرە حزبییە، پابەندین بە پاراستنی بنەماکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ ئاسۆیەکی فراوان لە پێش ئەم کیانەیەدایە، میللەتی ئێمە ئومێدێکی گەورەی بەم کیانەو بەم وەزعە هەیە، بەرەو پێشەوەی ببات ئەوە فیدرالیەت چەسپا، بەناوی

هەمـوو ئۆپۆزۆسیـۆنی عێـراقیـەوە کـە ئەم حەقـیقـەتە بەداخەوە کـە زۆر لە دامودەزگـاکـانی ئێـمە هێشـتـاکـە چاویان لە بەغـدایە، هێـشـتـا چاویان لە شـوێنی ترە، کـاتی ئەوە هاتووە پەرلەمـانی کـوردستـان ئەم بابەتە باس بکات و بیخاتە ژێر نەشتەرەوە و سڵ لە هیچ نەکەن، سڵ کردنی ئێوە لە هەندێ شت گوناهێکی گەورەیە لە چوار چێوەی بارودۆخی خۆماندا لەو بارودۆخەی هەمانە لەو پرۆگـرامەی کـە ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کـوردستـان حزبی زۆرینەیە لە پەرلـەمان و لە حکومـەت، مـافی خۆیەتی بەرگری لە پرۆگرامی خۆی بکات، مـافێکی زۆر ئاساییە گـەر نەیکەن گـوناهە، پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان روونە بەرنامەی ئەم حزبە کە ئێستاکە حوکمڕانی دەکات لەم واقیعە روونە، بۆیە ئێوە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانن، حەق نییە و ڕەوا نییە لەبەر هەر هۆیەک بێت نەزانین بێت دڵەڕاوکێ (تردد) بێت، چ بێت، چ بێت. دەسەڵاتی دادوەری خۆمان بەو شێوەیە کە ئێستاکە زۆر جار ئێوە لای من گازاندەتان کردووە خەڵک هاتووە گازاندەی کردووە و ئەمەی ئێستاکە کە کاکە شێخ باسی دەکات و ئێستا جەنابی سکرتێرو لیژنەی یاسا باسیان کرد کە یاسایەکی رێکوپێک دەرچووە  شاخ و گوێیان بۆ دەرکردووە و تەفسیرات بۆخۆیان دەردەکەن ناچارمان دەکـەن ئێـمە بێین جارێکی تر تەئکیـد لەسەر تەئکید بکەینەوە کاکە شێخ راست دەکات حەق نییـە ئێـمە بچینە ژێر باری تەفسـیراتی دادگای تەمییـزەوە یان خەڵکی تر، بەتایبەتی ئەگەر بزانین راست نییە، ئەگەر موقتەنیع بین کە تەفسیرێکە یان ئیجتهادێکەو باش نییـە، بەڵام جەنـابی سکرتێـر باش روونی کـردەوە ئەویش ئەوەیە بۆئەوەی (غـموض) هەڵگرین، بۆئەوەی نەک خوانەخـواسـتـە پێمـان بڵێن دەسەڵاتی یاسـادانان دەست لە کـاروباری دەسـەڵاتی دادوەری وەردەدات لەم روانگەوە ئەو رایەی جەنابی سکرتێـرو لیـژنەی یاسا بە پێشنیـارێکە کـە دەبێت بە یاسـا رێگە لە لادەر بگیـرێت، ئەمـە کـەم کـردنەوە نییـە لە دەسەڵاتی یاسـادانان بەڵام جەختە (تەئکیـدە) لەسـەر ئەو بنەمایانە، بەڵام بەمە شت چارەسەر ناکرێت، دیسان من دووپاتی دەکەمەوە خۆزگە و خۆزگە رۆژێکیش زووتر دانیشتنێکی نهێنییان، ئاشکرا بکرێت بزانن لە کوێ کەلێن هەیە مافێکی سروشتی ئێوەیە ئەو کاتە ئەوە دەست تێوەردان نییە لە کاروباری دادگا. وا قەزا خەریکە لە وڵاتی ئێمە بەرەو خراپی دەڕوات هەندێ لە دادوەرەکانی ئێمە خەریکن ویژدانی خۆیان دەفرۆشن، نـاڵێم هەموویان خەڵکێکی بەشەرەفی زۆر هەیە، دادەوەرانێکی زۆر بە غیـرەت هەن، بەڵام بەداخەوە شەپۆڵەکە بەئاراستـەیەکی تر دەڕوات لە کـاتێکدا دادوەری کورد لە هەمـوو عێراق بەناوبانگ بوو،کورد بەناوبانگە لە دادپەروەری و جورئەتی و لە ئینسافی بۆ حوکمدان، بەڵام بەداخەوە لە ژێر کیانی خۆماندا لە ژێر حوکمی خۆماندا لە ژێر ئازادی خۆماندا وا خەریکین زۆر شت لەدەست دەدەین، ئەوەی کـاکـە شێخ باسی کـرد لایەکـە لەو تراجیـدیە، ئەوەی جـەنابی سکرتێرو لیژنەی یاسا باسیان کرد دیسان لایەکی ترە، بەڵام من دڵنیام دڵی ئێوە پڕ لەشتە، من دڵنیـام کـەس لە ئێـوە نییـە تێبـینی رۆژانەی نەبێت لەسـەر ئەو حـاڵەتانە، کـاتی ئەوە هاتووە پەرلەمـان دانیـشـتنێکی تایبـەتی بکات ئەم مـەسـەلەیە باس بکات و چارەیەک بدۆزینەوە،

سنووریک دابنێین، چونکە ئەگەر خوانەخواستە نەخۆشی ناو دەزگای دادوەری ئێمە باڵادەست بوو نا رەوایی باڵادەست دەبێت، تۆ هەتا بەیانی یاسای باش دەربکە عیبرەت لە جێبەجێ کردنە، با رۆژانە سەد یاسا دەربکەین عیبرەت لە جێبەجێ کردنە، جێبەجێ کردنیش ئەگەر کەوتە بواری موزایەدات و ئیجتهاداتەوە ئەنجامەکانی بەو شێوەیەی لێ دێت کە ئێستاکە پسپۆڕانی ئێمە باسی دەکەن (أعوذ بالله)، بۆیە ئەو پێشنیارەی کە جەنابی سکرتێرو لیژنەی یاسا کردوویانە پێمان باشە گفتوگۆی لەسەر بکەن و بڕیارێکی لێ بدەن بە ئومێدی ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بکرێت بۆ ئەم واقیعە. جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەتەواوی پشتگیری لە بۆچوونی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین و لەگەڵی داین هەرچەندە ئەو هەمواركردنەی کەبەسەر یاسای ئیدارەی شارەوانییەکان کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا هاتووە، کارەکەی بەتەواوی روونکردۆتەوە و چارەسەری کردووە ئێمە هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوە نەبووین کە خەڵکی کوردستان مافیان پێشێل بکرێت و زەویوزاریان زەوت بکرێت، ئێمە هەندێک پرۆژەمان هەیە لەناو هەولێرو شوێنی تر کە پەنگ خواردنەوەیەکی (اختناقات)ێکی زۆرمان بۆ چارەسەر دەکاو دەمانەوێ بیکەینەوە و لەسەر ئەوە وەستاوین کە چەند خانوویەک ماوە (استملاک)ی بکەین ئێمە پرۆژەکەمان دەست پێ نەکردووە بۆئەوەی مافی خەڵکی پێشێل نەکەین، من سەرم سوور دەمێنێ لە دەزگایەکی قەزائی وەها، ئەگەر بێتو ئەو یاسایە لێرە دەرچووبایە ئەوان بەرهەڵستی بکەن نەوەک بە پێچەوانەوە یانی ئەوە شتێکی سەیرە لەلام. ئێمە هەموو پرۆژەکانی خۆمان راگرتووەو، پشتگیریەکی تەواوتان دەکەین و هەرچەندە پێویستی نەدەکرد روون بکرێتەوە چونکە هەمواركردنەکە روونە، بەڵام شتێکی چاکە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی. لە راستیدا روونکردنەوەکە بۆ ئەوە بوو کە برادەران بێتە بەرچاویان، چونکە پرۆژەیەک بڵاو بۆتەوە لیژنەی یاسا دوای ئەوە لەسەری رێککەوتوون پێشنیاریان کردووە.کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برای بەڕێزم محەمەد حەسەن باڵەتە رای لیژنەی یاسای دەربڕی منیش بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری لە بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاک فەرسەت دەکەم بۆچوونەکانی لە جێگای خۆیەتی، بەڵام من دوو سی خاڵم هەیە حەز دەکەم لێرە بۆئێوەی بەڕێزی بخەمەروو یەک لەوانە ئەوەیە کە ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە بیریان بێت ئێمە لەسەرەتای دامەزراندنی

پەرلەمانەوە مامەڵەکانی ئیستملاک و ئیطفامان راگرت بۆیەش رامانگرت ئەو کاتە هەندێک (تلاعب)ی لەناو کرا، ئەو کاتە زۆر هۆ هەبوون لە هۆکارە پێویستەکان روونمان کردنەوە کە بۆ رامان گرتووە، بەڵام پاش ئازاد کردنی هەولێر لە ٣١/ئاب، ئێمە (إطلاقی معاملاتی استملاک و استبدالمان) کرد بۆ ئەوەی ئاوەدان کردنەوە رێڕەوی خۆی وەربگرێ، بۆئەوەی کوردستان بوژانەوەی بێتە سەر ئەوە (إطلاقی معاملاتی استملاک و استبدال)مان کرد بەڵام نەمانزانی دادگای تەمییز بڕیاری پەرلەمانی کوردستانی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە:

یەکەم: لەکارخستنی(تعطیل)ی یاسای ئیستملاکە.

دووەم: لەکارخستنی (تعطیل)ی یاساکانی ئیطفایە بە هەموو جۆرێک. بۆیە ئێمە پشتگیرییەکی تەواو لە هەموارکردنە دەکەین، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە سەبارەت قسەکانی کاک فەرسەت لەسەر بەرواری جێبەجی کردنی ئەم هەموارکردنە کۆک بووین، ئێستاکە بەروارەکە بۆتە ساڵی (١٩٩٣) وابزانم لە (٩٣)وە هەتا (٣١)ی ئاب هیچ ئیستملاکاتەک نەک کرایە و ئیطفاش نەکرایە، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو هەموارکردنەی کە دەکرێ لە بەرواری ئەو هەموارکردنەی دووەم بێت نەک لە بەرواری ساڵی (١٩٩٣)ەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیاری جەنابت تەنها ئەوەیە بەروارەکە لە هەمواکردنی دووەمەوە بێت.

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیادەیەک لەسەر ئەو موداخەلەیە دەکەم لەوانەیە برادەران زیاتر سوودی لێ وەرگرن، سەرچاوەی دەقی ئێمە وەکو باسم کرد یاسای ئیدارەی شارەوانییەکانی عێراق بوو ژمارە (١٦٥) لە ساڵی (١٩٦٤) نێوان ساڵی (١٩٦٤) و ئەمڕۆ (٣٥) ساڵە لە ماوەی (٣٥) ساڵ کە ئەو دەقە هەبوو بەسەدان و هەزاران بڕیاری حوکم دەرچووینە بە خۆمان پارێزەر بووین بەدەیان داوا (دعاوی) (أجر مثل)یان هەبوو لەسەر شارەوانییەکان، چونکە تەجاوزیان کردبوو لەسەر زەوی خەڵک پارچەیەکیان کردبوونە شەقام و قەرەبوویان نەکردبوون لەو ماوەیەدا من باوەڕ دەکەم زۆربەی دادوەرەکانی ئێمە بەشدار بوون لە دەرکردنی سەدان لەو بڕیارانە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێستا، یانی شارەوانییەکانی عێراق و کوردستانیان تەحمیل دەکرد بە (أجر مثل) بەو پێیەی ئەو مافە بە حکومەت و شارەوانیی نادات کە زەوی خەڵک زەوت بکات لەو حاڵەتەدا شارەوانی بە متجاوز دادەنرێت و دەبێت قەرەبووی ئەو خەڵکە بکات، لە ماوەی (٣٥) ساڵ یەک بڕیار دەرنەچێت بۆ پاڵپشتی کردنی رێڕەوی ئێستا، بۆ ماوەی ئەم ساڵە لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان مەفهومەکە بگۆڕدرێ ئەو مافە بە حکومەت و شارەوانی بدرێت دەست بەسەر زەوی خەڵک دابگرێت بێ قەرەبوو و بێ ئەوەی هاووڵاتیان مافیان هەبێت داوای (أجر المثل) بکەن،

یان داوای کرێی زەوییەکە بکات یان داوای بەدەلی ئەو زەوییە بکا، بەراستی مەفهومی ئێمە وا نالێت، چونکە مەبەستی موشەریع مەبەستی ئەندامانی پەرلەمانە واتا ئەندامانی پەرلەمان موشەریعن، مەبەستمان ئەوە نەبوو لە تەشریعی ئەو دەقە کە ئێمە ئەو دەسەلاتە بدەینە شارەوانی دەست بەسەر موڵکی خەڵکدا بگرن، پێویست بوو لەو حاڵەتە ئەگەر بە نووسراوی رەسمیش نەبا دەبوایە گفتوگۆیەک بکرابایە لە نێوان دەسەلاتی یاسادانان و داودوەری کە ئایا مەبەستی ئێوە لە تەشریعی ئەو دەقە چی بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. دەقەکە روونە، دادگاکانی ئێمە حەق نەبوو کارێکی وا بکەن هەندێ ئیجرائات بکەن کە زەرەر بە ئەزموونەکەمان بگەیەنێ، ئەبوایە ئەگەر ئێمەش هەڵەمان بکردبایە بە ئێمەیان بگوتبایە کاکە ئەو هەڵەیە مەکەن. چونکە ئەمە دژی بنامەکانی مافی مرۆڤە، بەهەر حاڵ بەرای من ئەم بابەتە لێرە کۆتای پێبهێنین گفتوگۆی پرۆژەکە دەکەین وا بزانم وێنەکە لای ئێمە روونە سوپاس بۆ جەنابی وەزیری شارەوانی کە پشتگیری خۆی نواند هەر واشە بەراستی، چونکە ئەوانیش لەو باوەڕەدان، تەماشا بکە وەزیری شارەوانی خۆی ئێستا بە زمانی خۆی ئەڵێ ئێمە کۆمەڵێک ئیجرائاتمان راگرتووە. چونکە کێشەی قەرەبوو کردنەوەی خەڵکە، دادگاکانی ئێمە بەو شێوەیە هەڵس وکەوت دەکەن، واتە بانێک و دوو وسێ هەوایە نەک دوو هەوایە بۆیە بەراستی ئەم دیاردەیە پێویستی بە موراجەعە هەیە ئێستا کاتی ئەوە نیە انشاالله لە کاتێکی تر بەڵکو پەرلەمانی کوردستان بتوانێ ئەمە چارەسەر بکاو دێینە سەر خودی پرۆژەکە ئەو پرۆژەیە جەنابی سکرتێر خوێندیەوە لیژنەی یاسا پشتگیری لێکرد وە جەنابی وەزیری شارەوانی پشتگیری لێ کرد ئەگەر بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی کۆتای پێبهێنین.

**بەڕێزحوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل المادة الاولي من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٨ قانون التعديل الثاني لقانون ادارة البلديات لاقليم كوردستان العراق رقم(٦) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ كما يلي:

أ- تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها لنفع العام.

الموجود عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية ما لم تكن مساحة الأرض الذي استحدث عليها الشارع مسجلة في سجلات التسجيل العقاري بأسم شخص طبيعي.

ب - تلغي كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة خيلافاً لما ورد في الفقرة(أ)أعلاة.

ج - ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

المادة الاولي: تعدل المادة الاولى من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٨ قانون التعديل الثاني لقانون ادارة البلديات لاقليم كوردستان العراق رقم(٦) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ كما يلي:

أ- تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها لنفع العام الموجود عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية ما لم تكن مساحة الأرض الذي استحدث عليها الشارع مسجلة في سجلات التسجيل العقاري بأسم شخص طبيعي.

ب - تلغي كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٨/٤/٥ بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن ئەمە مێژووی هەموارکردنی دووەمە(تلغي كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٨/٤/٥خلافاً لما ورد في الفقرة(أ) أعلاه).

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

کێ تێبینی لەسەر ماددەی یەکەم هەیە؟ فەرموو مامۆستا موحسن.

**بەڕێز شـــێخ مـــوحـــسن مـــوفـــتی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

دیارە تەفسیری دەقەکان لەلایەن پەرلەمانەوە خۆی بکرێت هەتا خۆی تەفسیری یاساکانی خۆی بکا شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە پێشنیارەکەدا هاتووە ئەو رووبەرە کە لە تۆمار کردنی خانووبەرە(تسجيل العقاري) بە ناوی ئەو کەسە سروشتییە بێ ئەمە بەرگری لێکردنێکی وەکو ئەڵێن (نەصە) لەسەر بەرژەوەندیەکی گشتی کە خەڵکەکە بەو شێوەیە حسابەکەی نەفەوتێ، ئەملاکی هەر وەزارەتێکیش بدرێت بە وەزارەتێکی تر ئەمە ئیشی حکومەتە شتێکی باشەو خراپ نیە ئەوە خۆیان ئەزانن تەقدیری ئەو ئیشە بکەن. بەڵام تەنها ئێمە لەوەیان جێگای سەرنجمانە کە موڵکێک مافی سروشتی کەسێک بێت ئێمە مافی ئەوەمان هەبێت کە بەرگریان لێ بکەین ئەگەر موڵکێک وەقف بێت کە مافی هیچ کەسێک نیە (تەسەروفی) پێ بکات، بەپێی شەریعەتی ئیسلام حەق وابوو ئەو موڵکە وقف کراوە لێرە بەو دەقە دیاری بکرێ. چونکە ئەگەر دیاری نەکرێت ئەو کاتە یاساکان الغای ئەو بابەتە ئەکەنەوە، مافی هەموو موڵکە وەقف کراوەکان ئەفەوتێ و لەبەر ئەوە لەو شوێنە دیاری بکرێت پەسند ترەو شیاو ترە، لەگەڵ رێزدا. وە پێشنیارەکەشم یەک ووشەیە ئەویش لەگەڵ(أراضي موقوفة) بخرێتە پاڵ ئەوە.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

مامۆستا وا بزانم (وقف) یاسای خۆی هەیە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئێمە کە ئەو بڕیارەمان دەرکرد هەروەکو برای بەڕێزم کاک فەرسەت ئیشارەتی پێدا لەبۆ کێشەی

بابەتی کەسانی سروشتی بوو مانای وانیە ئەوانی دی یاساکانی چارەسەر نەکرێ هەر وەزارەتێک ئەملاکی هەبێت ئەوە ئەملاکی ئەو وەزارەتە چارەسەر کرایە، یاساکانی جێبەجێ کردن(نافذ) هەمووی جێبەجێی کردیە چ یاسای استملاک بێ چ یاسای(اطفاء) بێت چ یاساکانی تر بی بۆیێ ئەمە شتێکی بەدەرە ئەوەی ئەمڕۆکردوومانە بە راستی مانای وانیە ئەملاکی وەزارەتەکانی تر هەمووی پشتگوێ خراون یان وەزارەتێک تەفضیل دەکرێ لەسەر وەزارەتێکی دیکە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆسنا زۆر روونە دەڵێ یاساکانی کارپێکراو، وقفیش یاسای کارپێکراوی خۆی هەیە وەزارەتی ئەوقاف بۆیە پەیوەندیی نیە بەم بابەتەی ئێمەوە ئەوەی کە جەنابت ئەڵێی چارەسەر کراوە چونکە دەڵێ(بموجب القوانين المرعية) کێشەی وەقفیش یاساکانی کارپێکراو خۆی بڕیاری داوە چ ئەبێ چ نابێ ئەوە پەیوەندی بەم بابەتەوە نیە وا بزانم مامۆستا مەلا مەحمودیش هەر هەمان بابەتی هەبێ.فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوەی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من نابێنم ئەگەر بەدەرێک(إستثنا)یەک نەخاتە سەر ئەستۆی خۆی ئێمە لە ئێستاو لە یاسای ئێستاوە ئەو یاسایەی کە دێت ڕەت دەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا مامۆستا باشتر وایە ئەگەر سەیری دەقی یاساکانی وەقف بکەن هەتاکو بزانین چۆنە ئەگەر پێویست بوو هەمواری دەکەین، برادەرانی لیژنە ئەڵێن بە یاسا کارپێکراوەکانی(المرعية) ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە ئەگەر شتێکی وا بوو هیچ مانع نیە چارەی بکەین. بەڵام ئەگەر شتێک هەبوو ئێمە لە خۆمانەوە زیادی بکەین کە چارەسەر کراوە بۆ بیبکەین؟ فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەین ئەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە پێی دەڵێین هەموار کردنی ئەم یاسایە ئەگەر یاسای هەڵوەشاندنەوە یاسای هەموارکردنی دووەم بێت پێم باشترەو بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی ماددە(٥٥)ەکە هەر هەمان مانامان پێ ئەبەخشێت، واتە ئەم زیادەیە نازانم بۆ چیە؟ ئەم زیادەیە پێم وایە بە نسبەت تەفسیر کردنی، (غموض) زیاتر پەیدا دەکا با بگەڕێینەوە بۆ سەر ماددە(٥٥) ئەسڵی یاسای بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەروەکو خۆی لێ بکەین یاسای هەموارکردنی دووەم هەڵبوەشێنینەوە هیچ کێشەیە نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحــــمـــەد عــــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بەدواداچونێکم لەسەر قسەکانی بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر هەیە، ئەم بابەتە خۆی جێگای گفوتگۆی ئێمە بوو مامۆستا ئەگەر هەموار کردنەکە هەڵبوەشێنین ووشەی(مصطلح) (اراضي المتروكة) لە دەقی ئەسڵیش هەیە دیسان تەفسیرەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە ئێمە مەبەستمان لەوە ئەوەیە دەرگای اجتهاد دابخەین وا نەکەین تەفسیرەک بێتە کردن پێچەوانەی قصدی یاسادانەر(مشرع)بێ. چونکە لە دەقە ئەسڵیەکەش(اراضي المتروكة) هاتووە ئەگەر ئەمەش هەڵبوەشێنینەوە هەر(اراضي المتروكة) لە دەقی ئەسڵی هاتووە واتە تەفسیرەکەش وەکو خۆی ئەمێنێتن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

سوپاس بۆ کاک فەرسەت بۆ ئەم روونکردنەوەیەی، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز ســــەفــــەر مــــحـــــمـــــەد حـــوســــێن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

وا بزانم لە سەرەتاوە لەگەڵ لیژنەی یاسا لەسەر ئەمە جیاوازیمان هەبوو. دووەم وا بزانم عەدالەت پێویست بوو بمان زانیبا بۆچوونی دادگای تێهەڵچوونەوە(محكمە التمييز) یان وەزیری داد چیە، بەراستی ئەگەر ئێستا هەڵبوەشێنینەوە لێرە برگەی دووەم (تلغى كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٨/٤/٥) چەند کێشە روودەدات لەوانەیە ئێمە ئاگادار نەبین بەڵام ئەوان دەزانن چ کێشەیەک هەیە بۆیە بەڕای من بۆچوونی ئەوانیش پێویست بوو، جەنابی وەزیری شارەوانی باسی (استملاكی) کرد بەڵام باسی کرد کە پارە نیە ئەو شتە استملاک بکەن، وە ڕێگاو بانی تازە دروست بکەن بەڵکو باسی ئەم لایەنانە نەبوو، جەنابی کاک فەرسەت ووتی لەسەردەمی ڕژێم دادوەرەکان لایەنی هاووڵاتیان دەگرت مانای وابوو جا ئێستا لایەنی حکومەت دەگرن.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

کاک سەفەر مەبەستی وا نەبوو تۆ تاوانباری دەکەی بە شتێک کە وای نەگووتوە، باش نیە ئەوە ئەو دەڵێ هەمان(دعاوي) کاتی خۆی زۆر پارێزەر(دعوی)یان کە دادوەرەکان ئەم تەفسیرەیان پێ نەداوە، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بە ڕای من لە برگەی دووەم وە(تعاد الوضع أو الحال الي ما كان عليه قبل صدور التعديل دون تحميل ذوي العلاقة بالرسوم أو المصاريف) زیادی بکەین. چونکە جەنابت دەزانی ئەگەر ئەوە هەڵبوەشێنرێ ذوی العلاقه دەچی دەڵێ ئەوە بیگەڕێننەوە و بە ناومان بکەنەوە، پێی دەڵێین برۆ

عەریضە بدە باجەکەت بدە ئینجا بۆت دەگەڕێنینەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێی ناوێ ئەوە زیادی بکەین، چونکە رسومەکە چیە؟یان مەصاریفی دعوایە یان کرێی پارێزەرە. وەهاووڵاتی مەمنوونە بە (تلغی القرارات) بکرێت بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێننەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس. مامۆستایان بۆ رەخنە گرتن ئێوە ئازادن بەڵام داواتان لێ دەکەن وورد تر بن لە یاسا بەرقەرارەکان وە برادەرانی لیژنەی یاسا لەسەر ئەم بابەتە وەڵامی ئێوەیان دایەوە بەڵام شتێک هەیە لە لانی دارشتن و جوانی، جوان نیە وە حەز ئەکەم موقتەنع بن بە قسەی برادەرانی لیژنەی یاسا کە دەڵێن یاسا بەرقەرار بووەکان کێشەی (وقف و ئەملاک)ی چارەسەر کردووە، لە جێگای خۆی کێشەکە چارەسەر کراوە ئەمە شتێکی تایبەتە غوبن کراوە لە هەندێ کێشە،و روونمان کردەوە، هەر بۆ زانیاریتان حەز ناکەم لێرە دەرچن و بڵێن پیشنیارمان کرد کە وقف زیاد بکەن نەیان کرد. چونکە ئەوە تەحمیلی دەقەکەیە وەکو برادەران ووتیان، فەرموو بڕگەی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية: على وزارة البلديات والسياحة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەنها وەزارەتی شارەوانی چونکە پەیوەندی بە وەزارەتی دادیشەوە هەیە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم وای لێ دێت (على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون).چ تێبینییەک لەسەر ئەم دەقە هەیە؟ نیە؟ ماددەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ماددەی سێ هەیە؟ فەزموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەی خۆی دووبارە دەکەمەوە. چونکە لێرە هاودژە(لا يعمل بأى نص قوانين يتعارض مع أحكام هذا النص) یاسای تۆمار کردن بۆ نموونە ئەو بڕیارە هەڵئەوەشێنێ زەوییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندیدارن، لە یاسا دەڵێ لە تۆمار کردنی زەوی دەبێ کابرا باج بدات،ئینجا هەر چەندێک بێت ماوەیەکە ئێمە نەمان هێشتووە ئەو کابرایە ئیش بکات یان ساڵێک بێ زەرەرمان لێداوە ئێمە دان بەوە دادەنێین کە هەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەڵە نین بەڵکو تەفسیرەکە هەڵەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەفسیرەکە هەڵەیە دەڵێ هەر دادگای تێهەڵچوونەوە یان بڕیارەکە لێرە بە ناوی ئەو تەفسیر کرایە ئەوەی گرنگە لێرە هاووڵاتی تووشی زەرەر بووە، ئینجا ئێمەش لەسەر زەرەرەکەشی پێی بڵێین یاسا دەڵێ دووبارە تۆمارکردن باجی دەوێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی حالەتی(دعاوى أجر المثل) بوون تۆمارکردنیشی بۆ نیە، بەڵام ئەگەر من هاتم ئیجرائاتی تۆمارکردنم هەڵوەشاندەوە مەعقول نیە دائیرەی تۆمارکردن هەڵواسراو بمێنێت،پێویستە بارەکە بۆ باری پێشو بگەڕێندرێتەوە(على ما كانت عليه قبل التعديل). چونکە بە حوکمی یاسا دەبێت اعادە بکرێت چونکە لەوانەیە خودانی کێشەکە نەچێت داواش بکات، کەسانی پەیوەندار ئەگەر موراجەعەش نەکەن دەبێ دائیرەی تۆمارکردن تۆمارگەی خۆی چاک بکاتەوە بێ ئەوەی پێی بڵێی بە پێی ئەو یاسایە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مەفروز وەزع نیە پێویستە دەقەکە هەبێ باێ باجی لێوەرنەگیرێ تەنها لەم حالەتانە نەبێ، چونکە یاسا دەڵێ باجی لێوەردەگرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید ئێمە دەنگدانمان کردووە لەسەر ئەم ماددەیە، ئەم کێشەیەش بەم گەورەییە نیە چەند حاڵەتێکی دیاریکراوە چەند شت هەڵوەشێنرایەوە ئەچێتەوە جێگای خۆی ئینجا هاووڵاتی موراجەعە بکات یان نەکات، چونکە کاتی خۆی چەند ئیجرائاتی هەڵە کراوە ئێمە بەم بڕیارە چاکمان کردەوە، ووتمان ئەم بڕیارە(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره) هیچ تێبینیەک لەسەر ئەمە هەیە؟ فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دوغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو بڕیارەی کە ئێستا دەریدەهێنین بە بڕیارێکی بەپەلە، دادەنرێ مافی ئەو خەڵکە دەگەڕێنێتەوە لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بێتە من تأريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر هەمان پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیمم هەبوو. چونکە زۆر داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و لە دادگای تێهەڵچوونەوە راوەستاوە بۆ ئەم هەموار کردنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە(من تأريخ صدوره) چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟ فەرمووکاک د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە، ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

بەڕای من لە هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایەس کاک فەرسەت لەگەڵ لیژنەی یاسا ئەو مەفهومەی کە باستان کرد ڕای جەنابی وەزیریش وەربگیرێ بکرێ بە هۆکاری پێویستی دەرکردنی ئەم یاسایە، کاکە شێخیش تێبینیەکی باشیدا بۆ ئەم بابەتە هەمووی کۆبکرێ وبکرێتەوە بە هۆکاری پێویست بۆ ئەوەی ئەم تەفسیرە روون بێت، ئێستا نیو سەعات پشوو ئەدەین کاتژمێر سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ کۆ دەبینەوە.

# کۆبوونەوەی دوای نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی (٣) گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژەی بڕیاری کیمیا گەرانی کوردستان، لیژنەی یاسا با کەرەم

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٢
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

## بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی
بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:
ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای دووەم هەموارکردنی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
أ- هەموو ئەو شەقامانەی دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەوەو بۆ بەکارهێنانی سوودی گشتی جێ هێشتراون و لە کاتی بەرقەراربوونی ئەم یاسایەدا هەبوون، یان ئەوەی دوای ئەوە دێنە کایەوە بەگوێرەی یاسا پەیرەو کراوەکان بەبێ قەرەبوو بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێن، ئەگەر رووبەر (مساحە)ی ئەو زەوییەی شەقامەکەی لەسەر کراوە لە تۆمارەکانی فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە «التسجیل العقاری» بەناوی کەسێکی سروشتییەوە تۆمار نەکرابێ.
ب- هەموو ئەو بڕیارو ئیجرائاتانەی کە دەرچوون و ئەنجام دراون لە دوای ١٩٩٨/٤/٥ هەڵدەوەشێندرێنەوە بەپێچەوانەی ئەوەی لە بڕگە (أ)ی سەرەوەدا هاتووە.
ماددەی دووەم:
لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی سێیەم:
ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

مەبەستی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە یاساکاری کردنی برگە (١)ی مادده پەنجاو پێنجی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق)ی وەرگیراو لە مادده (٩٧)ی یاسای بەڕێوەبردنی ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤ای عێراقی و بڕگە (١) لە مادده یەکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) ئەوەی پەیوەندیدارە بە زاراوەی (زەوی تەرک کراو بۆ سوودی گشتی) هەمان چەمک (مفهوم)لە کە لە مادده (٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧١دا هاتووە دەربارەی زەوییە تەرک کراوەکان.

پەرلەمان مەبەستی یان ئامانجی ئەوە نەبووە کە شارەوانییەکانی هەرێم دەست بەسەر ئەو ڕووبەرە زەویانەدا بگرن کە کراون بە شەقام و بەناوی هاووڵاتییانەوە تۆمارکراون و بەبێ قەرەبوو بەناوی خۆیەوە تۆماریان بکا، یان لە قەرەبووکردنەوەیان بە کاش یان بە عەینی بێ بەریان بکەن بەپێی یاسا بەرقەرارەکان.

دەرچوونێ هەندێ حوکمی دادگایی لە هەندێ لە دادگاکانی هەرێمدا سەبارەت بەم بابەتە، نیشانەی ئەوەیە دەقەکە بە پێچەوانەی مەبەستی یاسادانەر (المشرع) لێک دراوەتەوە، کە بۆتە هۆی بواردانی دەست بەسەر داگرتنی زەوی هاووڵاتیان بەبێ قەرەبوو.

لەبەر ئەوەی ئەم ڕێڕەوە نە لەلایەن یاسا دانەرانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقدا و نە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە ئانقەست نەبووەو لەگەڵ پرنسیپی دادوەری و بنەماکانی دەستووری و سیستەمەکانی دیموکراسیدا ناگونجێ بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا بۆ ئەوەی مافەکان بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان و حوکمی ئەو دەقەی کە مەبەستە پتر ڕوون بێ بۆ هێنانەدی دادوەری و دەرگا داخستن لە ڕووی ئیجتیهادکردن.